# یەکێتی نیشتمانی ناتوانێت تاسەر وەك كەری ناو جۆگە لە هەردوو بەر بلەوەڕێ

زاهیر باهیر
لەندەن

قسەوباسی من لە سەر ئەوە نییە، کە « درامای ئاریا» کارێکی زۆر بەرزە و ژیان دەگۆڕێت، نەخێر، قسە و باسەکان، نووسسین و چیرۆکەکان، فیلم و شانۆگەرییەکان، کۆڕ و کۆمەلەکان... هەتد هەر هەموو ئەمانە ڕۆڵێکی زۆر کەمیان لە گۆڕینی ئەو بارو دۆخەدا کە ئێستا کوردستانی پیادا دەڕوا، هەیە. گەندەڵی ڕۆلێکی وا گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلگەی کوردوستاندا دەبینێ، بۆیە زۆر گرانە شتێکی گەورە بگۆڕێت.

گەندەڵی نەك سەرجەمی کردار و ڕەفتاری خەلکێکی زۆری گرتووەتەوە بەلکو تێکڕای بیر و هۆشی نزیکەی هەموو تاکەکانی سەرەوەی کۆمەلگەی گرتۆتەوە تا ئەو ڕادەیەی پەلوپۆی خۆی شۆڕکردۆتەوە بۆ ناو مالەکانمان و لە پەروەردەکردنی مندالەکانماندا لە مالەوە، لەناو پۆلەکانی قوتابخانە و فێیرگەکاندا، لە دانشگەکان و پەیمانگەکاندا لە شێوەی وتنەوەی وانەکاندا یا لەشێوەی داڕشتنی مەنهەجی پەروەردە و خوێندندا، ڕۆڵدەگێڕێت. تەنانەت لە قاوشی خەستەخانەکانماندا لەچارەسەری نەخۆشەکاندا لەلایەن پزیشکەکانمانەوە دەیبینین. لە هەموو کونج و ژورێکی فەرمانگەکاندا، لە حوجرە و مزگەتەکاندا ئەم گەندەڵییە دەبینین تەنانەت لە کێلگەکانیشدا بوونی هەیە. ئەمە دیاردەیەك نییە تەنیا بە پەڕلەمان و سەرۆك و بەرپرسانەوە پەیوەست بێت.

کەواتە گەندەڵی لەوە دەرچووە کە بەوانەی سەرەوە بگۆڕدرێت، تەنانەت بۆ گروپ و ڕێکخراوەکانیش ناگۆڕدرێت کە بە ناوی «ڕیفۆرمیست»ەوە درووست بوون و کاردەکەن. چونکە زوربەی زۆریان یا خۆیان گەندەلن یا لە ئەنجامی هێلنجاندنەوەی پارتە کوردییەکان دەرپەڕیوون. بۆیە چارەسەرکردنی گەندەڵی یانی لەباربردنی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە کوردوستاندا هەیە، گۆڕینێکی پێویستە کە لە ڕەگ و ڕیشەوە بێت و سەرتاپای ژیانی خەلکی و کۆمەلگەکە بگرێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەمەش بەو واتایە نییە کە ئیدی نابێت شتێت بکرێت و دەبێت خەلکی چاوەڕوانی قودرەتی قادر بکات. بەلام ئەوەی کە لیرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێت، ئەوەیە کە بۆچی دەبێت کەسێك نەتوانێت لە سەر شتە پیرۆزکراوەکان، کەسە پیرۆزکراوەکان بنووسێێت و بلێت جا ئیدی بە کۆڕ و بە نووسین و فیلم و شانۆ بێت، یا بە هەر هۆیەکی ڕادەربڕین بێت لە نیشاندانی ناڕەزایی لە هەر بوارێکی ژیانی مرۆڤی ناو کۆمەلگەکە دا.

دیارە وەلامەکەش لای هەمووان ئاشکرایە، ئەویش نەبوونی ئازادی ڕادەربڕینە، قبوولنەکردنی گوزارشتە، دانپێدانەنانی جیاوازی نێوان تاك و گروپەکانی ناو خودی

کۆمەڵگەیە، خۆ بەزلزانینی گروپێك یا پارتێك و بەڕاستزانینی ڕا و ڕەفتاریی خۆیەتی بە تەنیا و زۆری تر لەم چەشنە. کە ئەمەش پیادەکردنی دیکتاتۆرییە و هەلکشانێتی بەرەو پەیڕەوکردنی سیاسەتی فاشیانە، بۆیە دوور نییە لەسەر هەبوونی جیاوازی ڕایەك کەسێك ببێتە قوربانی.

ئەی کێ بەرامبەر ئەم بار و دۆخە بەرپرسیارە؟ کێ لە پارێزگاری کردنی ژیانی تاکەکان یا گروپەکان کە تووشی بارودۆخێکی وا دەبنەوە و ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە بەرپرسیارە؟ بەڕای من بەرپرسیاری سەرەکی حکوومەتی کوردییە و ئەو نەك هەر لەوە بەرپرسیارە بەلکو لە دابینکردنی ژیانی تاك و گروپەکانی ناو کۆمەلگە لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا بە مسۆگەرکردنی پێداویستییە پێویستەکانی ژیانی هەر هەموویان سەرەڕای جیاوازی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و ڕەگەزیی و بنەچەیی و خێلەکی و بنەمالەیی و ناوچەیی.

حکوومەتی یەکێتی نیشتمانی نابێت لە سەر حسابی ئازادی ڕا دەربڕین و سەربەستی تاکەکەس و گرووپەکانی تر لەگەل پارت و گرووپە ئیسلامییەکان تاسەر لە موغازەلە و ئەویندارییدا بێت. نەك هەر ئەمەش بگرە ناتوانێ تاسەر خۆی بە دۆست و هاوەلی هەردوو لایەنەکان ، هەم سکیولار و هەم مەزهەبی بزانێت . دەبێ ڕەنگ و شێوەی خۆی هەبێت، دەبێت سیاسەتی ڕێکخستنی کۆمەلگەی بە هەموو توێژەکانیەوە هەبێت. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە یەکێتی نیشتمانی دەبێت بۆ لایەنێك لە لایەنە سیاسیەکان لە بەرامبەر ئەوی تریاندا چۆك دابدا، جا ئیدی ئیسلامی بێت لە دژی سکوێلار یا یەکێك بێت دژی خۆیان یاخود گروپێکی چەپ دژی ڕاست یا ئەوی تریان.

یەکێتی نیشتمانی وەکو دەسەلاتدارێك لەوێ هەر وەکو چۆن بە دەنگی هەمووان هەلبژێردراوە (گەر چی ئەمە ڕاستیش نەبێت) هەر بەو شێوەش دەبێت لە بەرژەوەندی هەمووان کاربکات. بۆ ئەوەش وا پێویست دەکات ڕێز لە هەموو دەنگێکی ئازاد بگرێت، دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت کە دەرببڕدرێت. کەواتە دەبێت هانی ئەوە بدرێت و پشتگیری لەوە بکرێت کە دەنگ و ڕەنگی جیاواز هەبێ و خۆیان گەلالە بکەن. بمانەوێت و نەمانەوێت جیاوازی بوونی هەیە و رەنگدانەوەی توێژەکانی کۆمەلگاکەمانە و دەبێ ڕێزی لێ بگیردرێ و حسابی بۆ بکرێت. پێشمەرجی دەستەبەربوونی ئەمەش بوونی جەدەلە، لێدوان و قسە لە سەرکردن، ڕێگەدانە بە هەبوونی پلاتفۆڕم لە ڕادیۆکان و تەلەفزیۆنەکاندا.

یەکێتی نیشتمانی هەڵەیەکی کوشندەی کردووە کە چۆکی بۆ پارتە ئیسلامییەکان داداوە هەروەك چۆن هەڵەیەکی گەورەش بوو کە مەقەستی خستە خودی دراماکە. دەبێت پارتە ئیسلامییەکان ئەوە بزانن وەستان و بلاونەکردنەوەی دراماکە هێیزێکی گەورەی بە دراماکە و کەسانی هەلسوڕاوی ناو ئەو درامایە دا.

دەبوایە یەکێتی لە بری چۆکدادان پلاتفۆڕمی بۆ هەردوو بەرەکە ( ئیسلامی و لایەنگیرانی درامای ئاریا) لە تەلەفزیۆن سازدایە تاکو گوێگرانی دراماکە گوێیان لە

جەدەلی هەردوو لایان بووایە و ئەو کاتە ئەوانیش لە بەردەوام بوون لە بینینی دراماکە یا لە نەبینی، سەر پشک دەبوون.

**بە کورتییەکەی دەبێت ئێمە فێری ئەوە بین کە پێویست ناکات ئێمە لەسەر ئەوەی کە ڕامان وەك یەك بێت ڕێك بکەوین، بەلام پێویستە لە سەر بوونی جیاوازی بیروڕامان ڕێك بکەوین.**

چ ئیسلامە فەناتیکەکان و چ یەکێتی ئەوەندە ئەزموونی ڕۆژگاریان هەیە کە کوشتن و بڕین و کپکردنەوەی دەنگ و بیر، نەك هەر بیر و دەنگی جیاواز بنەبڕ ناکات، بەلکو بە هێزتری دەکات. بڕوانە مێژووی 1500 سالەی ئیسلام، بروانە مێژووی یەکێتی و بزوتنەوەی کوردی و حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق. کە هەر ئەو زەبر و زەنگەی بەعس بوو، بووە هۆی دەستەبەربوون و بەهێزبوونی بزوتنەوەی کوردی و پەیتا پەیتا تازەبوونەوەی چەکدار و هێزی تازە بۆی.

ئایینی ئیسلام ئایینێکە کە بۆ 1500 سالە لە گەلماندا دەژی وەکو هەموو بیرو باوەڕێکی تر جا ئیدی مەزهەبی بێت یا سیاسی، دەبێت ڕێز لە هەلگرانی بگیردرێت کە تاکەکانی ناو کۆمەلگان تا ئەوکاتەی کە بۆ مەرامی دەسەلاتی سیاسیان، زەبر و زەنگ و کووشتن و بڕین بە کار ناهێینن. دەبێت لەوەش تێبگەین کە ئایین و گروپ و پارتە سیاسیەکان کە بوونەتە کەلەگا، بەر لە هەموو شتێك ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە نالەبارەن کە ئیمڕۆ نەك هەر لە کوردستادا بەلکو لە سەرجەمی ئەم جیهانەدا لە ئارادایە، کە زادەی نەبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتییە.

مێژووی مرۆڤایەتیش نیشانی داوە کە هەموو ئەو بزووتنەوانەی کە سەریان هەلداوە، ئیدی لە ژێر هەر ناو ناوەرۆکێکدا بووبن لەسەر زەمینەی نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون. هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە دیاردەی هەڕەشە و کوشتن و بڕینی ئیسلامییە فەناتیکەکان دیاردەیەکی ناوخۆیی کوردوستان نییە بەلکو دیاردەیەکی جیهانییە و ئەمریکا و بەریتانیا و هەندێك ولاتی‌تر بۆ بەهێیزکردنی بە پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەیان لە گەورەکردنی کێشەی نێوانی فەلەستین و ئیسرائیل و داگیرکردنی عیراق و لێدان لە ئەفگانستان و (حزب اللە) لە لوبنان و کنەکردن بۆ نانەوەی جەنگی ناوخۆیی هەر لەوێ، هەڕەشکردن لە ئێران و سووریا و ....هەتد، کاری لە سەردەکەن. هەر بۆیە چارەسەرەکەشی هەم ناوچەیی و هەم جیهانیشە.